سەید محەممەد سەمەدی

**ڕێزدار، ریچارد ئیگلتۆن:**

# ڕاپۆرتچی‌یە جیٚ‌متمانەکەت ڕاستی پیٚ‌نەگوتووی!

لە لاپەڕە (١٠)ی حەوتەنامەی **پەیامی کوردستان**، ساڵی هەوەڵ، ژمارە ٤، یەکشەممۆ ١٨ی بانەمەڕی ١٣٨٤، وتارێك چاپکراوە لە ژێر سەردێڕی: « **باشترین سیستمی دەسەڵاتداری وڵاتانی فرە نەتەوە، فێدرالیزمە** »؛ کە وتوویژێکە لەگەڵ ریچارد ئیگلتۆن، کوڕی ڕێزدار ویلیام ئیگلتۆن، بە وەرگێڕانی ئەحمەد ئەحمەدیان.

لە ئەستوونی سیٚ، دێڕی ٢٥ی ئەو دەقەدا، لە بابەت وەرگێڕدراوی کتێبی «کۆماری ١٩٤٦ی کورد» بە زمانی فارسی؛ لە قەولی ڕیچارد ئیگلتۆنەوە ئاوا نووسراوە: « هەرچەند ئەمن و باوکم هیچمان ئەم وەرگێڕدراوە فارسییەمان نەخوێندووەتەوە، بەڵام دەبیٚ بڵێم بە پێی هەواڵ و ڕاپۆرتگەلێکی کە جێی متمانە و پشت پێبەستنن؛ بەداخەوە بە نادروستی و کەم و کورتی و بە چەشنێکی هەڵە و پەڵەدار وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی فارسی؛ تەنانەت ناوەرۆکەکەی لە هێندێك شوێن دەستکاری کراوە. »

چون ئەو بەشە لە نووسراوەکە، ڕاستەوخۆ ڕووی قسەی لەگەڵ منە، و لە جیاتی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن، بوختان هەڵبەستنە؛ و بە تایبەت دوایین ڕستە، تاوانبار کردنێکی ئاشکرا و بیٚ بەڵگەیە کە لە هەر شوێنێکی دنیادا کە یاسا حاکم بیٚ، بە جورم دەناسریٚ و سزای هەیە؛ بە پێویستم زانی وەڵامێکی کورت بدەمەوە.

ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (1979) ئەمن ئەو کتێبەم لە دوو بەرگدا بە زمانی کوردی، لە لایەن چاپەمەنیی سەیدیان لە مەهاباد چاپ و بڵاو کردەوە. لە چەند جێگای نووسراوەکەدا داوام لە خوێنەران کردبوو کە هەرچەشنە ڕەخنە، ڕێنموونی یا بیر و ڕایەکیان هەیە، پێم ڕابگەیەنن.



Oxford University Press
Walton Street, Oxford OX2 6DP
Telephone 0865 56767 Cables CLARENDON PRESS OXFORD Telex 837330
ACADEMIC AND GENERAL DIVISION Publisher R. A. DENNISTON

PAM/adc 17 December 1984

Dear Mr Samadi,

I am afraid that your letter about Eagleton's The Kurdish Republic of 1946 has remained unanswered for a long time, because I first had to consult the Royal Institute of International Affairs. It appears that no one has any objection to your preparing a Persian translation of the book. If eventually you find a publisher who wishes to publish your translation, please ask them to get in touch with me and we can negotiate terms.

With all good wishes,

Yours sincerely,

Anthony Mulgan
Manager, International Rights

Mr Sayyed Mohammad Samadi
Shahrikandi High School
Mahabad
West Azarbayjan
Iran

پاشی ٣ ساڵ، ئەمجار بە ئیزن وەرگرتن لە بنکەی چاپەمەنیی زانستگای ئاکسفۆرد، هەمان کتێبم وەرگێڕایەوە سەر زمانی فارسی و دیسان لە لایەن چاپەمەنیی سەیدیانەوە چاپ و بڵاوم کردەوە.

پیت‌چنین، کاغەز، شێوەی چاپ و سەرجەم ڕواڵەتی کتێبەکە هەندیٚ ڕەخنەی لەسەر بوو؛ بەڵام چونکە بەرپرسانی ئەو سەردەمی چاپەمەنیی سەیدیان ئێستا لە ژیاندا نین، لەم بارەوە هیچ قسەیەك ناکەم و

بەسەریدا تێدەپەڕم. بەڵام لەسەر ناوەرۆکی کارەکەی خۆم، واتە وەرگێڕان لە دەقی ئەسڵییەوە، قسەم هەیە:

لە دەقی وەرگێڕدراوە فارسییەکەدا، بەشی ( مقدمەی مترجم )؛ لاپەڕەی (د)، دێڕی ١٤، هەروەها لاپەڕەی ٢٦٠ دا نووسیومە: « ... دوستان عزیز هر ایرادی در آن یافتند، سپاسگزار خواهم بود اگر مرا در جریان بگذارند، و استادان عالیقدر و ارجمندی که وقت پر ارجشان را با این نوشته سپری می‌نمایند و احیاناً آنرا با متن اصلی تطبیق می‌دهند؛ انشاالله با گوشزد کردن اشتباهات، مرا رهین منت خواهند فرمود... ما را جز جستجو به دنبال راستی‌ها، هیچ چیز دیگر به این کار وا نداشته است... » واتە: « دۆستانی خۆشەویست هەر خەوشێکیان تێدا بەدی کرد، سپاسوێژم پێم ڕابگەیەنن، و ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کاتی هێژای خۆیان بەم نووسینەوە دەبوێرن و لەوانەیە لەگەڵ دەقی ئەسڵیش بەراوردی بکەنەوە؛ هیوادارم بە وەبیرهێنانەوەی هەڵەکان منەتبارم بفەرموون... چونکە جگە لە ڕوون بوونەوەی ڕاستییەکان، ئامانجێکی ترم لەم کارەدا نەبووە... »

ئەمڕۆ، پاشی تێپەڕبوونی ٢٦ ساڵ، زۆر شادم کە لەسەر هەمان بڕوام، و « گەڕان بە شوێن ڕاستیدا » بە ئەرکی سەرشانم دەزانم و هەرگیز بە دوای گیرفان پڕ کردن و کاری بازرگانییەوە نەبووم و نیم. لە بابەت توانایی خۆم لە وەرگێڕانی ئەو کتێبەدا، دەڵێم: ئەگەر نووسەر و ئەدیبێکی بە ئەزموون و توانا و خاوەن قەڵەم، دەستی دابا ئەو کارە، بێشك زمانێکی پوخت و پاراوتری تێدا بەکار دێنا. بەداخەوە، کەس لەو بار و دۆخە ناسکەی ئەو دەمی ئێراندا، خۆی لەو کارە نەدا؛ توانایی منیش ٢٦ ساڵ لەمەوبەر، لەوە زیاتر نەبوو.

بەڵام « هەڵە و پەڵە »؛ کێ دەتوانێ داوا بکا کە کارەکانی بێ هەڵە و پەڵەیە؟! ئەمن لە کوێ قسەیەکی ئاوام کردووە؟ بە تایبەت هەمیشە بە دوای ڕێکوپێك و کامڵتر کردنی ئەو کارەوە بووم. دۆستان و خاوەنڕایان هەر ساتێك شتێکم لەو بابەتەوە پێڕادەگەیەنن، لە هەوەڵ کاتدا کەلکی لێوەردەگرم و بە شێوەیەك بڵاوی دەکەمەوە. بۆ نموونە چەند ڕاستکردنەوە و تێبینیم لەمەڕ کتێبی **کۆماری کورد** وەدەست کەوت، کە لەسەر چاپی دووبارەی کتێبەکە ڕانەوەستام، بەڵکوو هەر زوو لە لاپەڕەکانی ١٥١ تا ١٩٣ی کتێبی « نگاهی به تاریخ مهاباد »دا بڵاوم کردەوە و ئێستا لەبەر دەستی هەموو کەس دایە.

کەوابوو، کەموکووڕی و هەڵەوپەڵە، شتێکی ئاسایی‌یە و بەشێکە لە کاری هەر مرۆڤێك. منیش پێشتر دانم بەو کەموکووڕیانەدا هێناوە و کەسانێك پێیان وانەبێ کەشفێکی تازەیان کردووە.

بەڵام بوختانێکی وەك: « ... تەنانەت ناوەرۆکەکەی لە هێندێك شوێن دەستکاری کراوە. » قسە هەڵبەستنە و درۆیەکی ئاشکرایە، کە لە ڕوانگەی زانستی و لێکۆڵینەوە وە هیچ بایەخێکی نییە و تەنیا لە دڵێکی ناپاك و دەروونێکی نەخۆشەوە سەرچاوەی گرتووە و تەنانەت، وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، لە باری یاساییشەوە بۆ وەدواکەوتن دەبێ. ئەو کەسەی تاوانێکی ئاوا دێنێتە ئاراوە، دەبێ توانایی سەلماندنیشی هەبێ؛ ئەگینا تەنیا لە چوارچێوەی بۆڵەبۆڵ و منگەمنگێکی لاوەکیدا دەمێنێتەوە و چیدیکەش پێویست ناکا من کاتی خۆمی لەسەر بمرێنم. ئەمڕۆ دەقی ئەسڵی کتێبەکە بە هاسانی وەدەست دەکەوێ؛ بەختەوەرانە مامۆستا «**جرجیس فتح‌الله**»ش بە ناونیشانی (جمهورية مهاباد «جمهورية ١٩٤٦ الكردية»، وليم ايغلتن الابن، جرجيس

فتح‌الله، دار ئاراس، اربیل، ١٩٩٩.) وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی عەرەبی. لێزانان و پسپۆڕانی ئەو کارە دەتوانن هەر سێ دەقی ئینگلیزی، عەرەبی و فارسی لە پێش خۆیان دانێن و ڕاستەوخۆ ئاماژە بە ژمارەی لاپەڕەکان بکەن و هەموو شوێنە دەستکاری کراوەکان دیاری بکەن؛ کە بێشك تەنیا خاڵێکیش لەم بابەتەوە نادۆزنەوە. من خۆم بە سپاسەوە داوای ئەم بەراوردکارییە دەکەم و مەمنوونی کەسانێك دەبم کە ئەو ئەرکە بکێشن. ئەمڕۆ هەلومەرجی ساڵانی ١٣٥٨ تا ١٣٦١ نەماوە کە کەم کەس بوێرن خۆ لەم چەشنە بابەتانە بدەن؛ لە خواش بەزیاد بێ نووسەر و وەرگێڕیشمان کەم نییە؛ با نووسەرێکیتر قۆڵی هیممەت هەڵماڵێ و سەر لەنوێ کتێبی **کۆماری کورد** وەرگێڕێتەوە سەر زمانی فارسی و ئاوێك بەم ئاورە دابکا؛ دیارە ئەگەر من دەستێکم بۆ ناوەرۆکی ئەسڵیی کتێبەکە بردبێ، ئەو دەم لێم ئاشکرا دەبێ. ئەوە ڕێگای دروستی کارەکەیە، نەك درۆ و تۆمەت هەڵبەستن و بۆڵەبۆڵ کردن. وەك مەولانای ڕۆمی دەڵێ: « گر تو بهتر می‌زنی، بستان بزن. »

ساڵی ١٣٧٩ لە لایەن کاك محەممەد ڕەزا سەیفی قازیەوە، کتێبێك بە ناونیشانی:« اسرار محاکمۀ قاضی محمد و یارانش، گرداوری و ترجمۀ محمد رضا سیف قاضی، نشر آنا » بڵاو کرایەوە کە ساڵی ١٣٨٠ چاپی دووهەمیشی هاتە بازاڕ. لە لاپەڕەی ٦ ( کە لە چاپی دووهەمدا دەبێتە لاپەڕە ١٠)، لە بەشی « مقدمه‌ای بر کتاب محاکمۀ قاضی‌ها »، نووسەر بەم جۆرە لە بابەت وەرگێڕاوە فارسییەکەی کتێبی **کۆماری کورد** دەدوێ: « و اما در ترجمه‌ای که از آن کتاب شده، اصل امانتداری به عمل نیامده و خیلی مطالب از آن حذف و یا بر آن اضافه گردیده که با واقعیت کیلومترها فاصله دارد... » واتە: « و بەڵام لە وەرگێڕانی کتێبەکەدا، وەرگێڕ ئەمانەتداری نەکردووە و شتی وای لێزیاد و کەم کردووە کە بە کیلۆمەتر لە ڕاستی دوور کەوتووەتەوە... » سەیر لەوەدایە کە، لەم کیلۆمەترانە، تەنانەت میلیمەتریشی هەر بۆ نموونە دەستنیشان نەکردووە!! کەچی پێویست بوو، بۆ دڵنیایی خوێنەریش بوایە، لانی کەم پەنجەی لەسەر تاکە خاڵێك دانابا. من ئەو دەم، وەڵامی پێویستم دایەوە و لە **گۆڤاری زرێبار** دا بڵاوم کردەوە و لێرەدا بە پێویستی نازانم دووپاتی بکەمەوە. [ بڕوانە: زرێبار، ژمارە ١٧ – ١٨، ساڵی پێنجەم، بانەمەڕ و جۆزەردانی ١٣٨٠، ل ١٤و١٥.] هەڵبەت لێرەدا تا ڕادەیەك دەردەکەوێ کە سەرچاوەی « بە پێی هەواڵ و ڕاپۆرتگەلێکی کە جێی متمانە و پشت پێبەستنن » کێیە و کوێیە. هەر بۆیە لێرەدا بە ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە بۆ ڕێزدار ویلیام ئیگلتۆن و ڕیچاردی کوڕی، پێیان ڕادەگەیەنم کە: **ڕاپۆرتچییەکە ڕاستی پێنەگوتوون. ئەمن بۆخۆم لە مەهاباد دەژیم، لە سەردەمی ئێمەشدا پێوەندیگرتن کارێکی هاسانە. ئەگەر ئێوەی بەڕێز بە پێویستی دەزانن، لەگەڵ خۆم پێوەندی بگرن.**

مەهاباد ١٣٨٤/٢/٢١ <u>11 May 2005</u>